# یەمەن.. حوسییەکان ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیان لە فەلەستین ئەنجامدا

بزووتنەوەی ئەنسارولڵا (حوسییەکان) جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی چۆنایەتی لە فەلەستینی داگیرکراو بە سێ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، فڕۆکەخانەکانی لۆد و ڕامۆن و ئامانجێکی هەستیار لە دیمۆنایان کردە ئامانج.

ئەمڕۆ دووشەممە وتەبێژی سەربازی حوسییەکان، یەحیا ساری، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: "ئۆپەراسیۆنێکی چۆنایەتی ئەنجامدرا بە سێ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە فڕۆکەخانەکانی لۆد و ڕامۆنیان کردە ئامانج و ئامانجێکی هەستیاریش لە دیمۆنا"، جەختیشی لەوە کردەوە کە "ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکەوتوویی ئامانجەکانی خۆی بەدەستهێنا".

ئاماژەی بەوەشکرد: ئێمە بەردەوام دەبین لە پشتیوانیکردن لە فەلەستینییەکان و لە تەنیشتیان دەوەستینەوە تا دەستدرێژیەکان دەوەستێن و گەمارۆکە هەڵدەگیرێت.